# دكتۆر كمال دادگایی نەكراوە ... بەڵكو زیندانی حوكمێكی قەرەقووشیە!!! جەمال چاوشین

كاتێك دكتۆركمال سیدقادر چەندبابەتێكی دابەزاندە سەر ڕووی سایتەكوردیەكان بەمەبەستی وروژاندنو باس لێوەكردن بۆ ئەوەی ئەو زانیاریانەی كەبەشێوەی بەڵگەی مەڵموس لەبەردەستدایە تەنها لەلای خودی خۆی نەمێنێتەوە، دكتۆر كمال مەبەستی بوو كەزۆرینەی گەلی كورد لێیان بەئاگابێت هەروەها هەموو جارێك لەگەڵ دابەزاندنی هەربابەتێك ئامادەیی خۆیشی نیشان ئەدا بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی هەریەكێك لەوكەسانەبێتەوە كەلەنووسینەكانیدا ناوی هێنابوون، لەبەر ئەوەی زۆر بڕوایی بەنووسینو بەڵگەنامەكانی هەبوو ئامادەیی خۆی نیشان ئەدا كەڕوو بەڕوویان بێتەوە چی لەناوخۆیی كوردستان بێت یان لەدەرەوەی كوردستان.

ئەوەندەی ئێمەی خوێنەری نووسینەكانی دكتۆركمال ئاگاداربین ناوبراو لەهیچ نووسینو ڕوونكردنەوەیەكیدا نەگاڵتەی بەعەقڵیەتی گەلی كورد كردوەو نە لەخەباتی ڕەوایی گەلی كوردیشی كەمكردۆتەوە، بەڵكو بەپێچەوانەوە دكتۆر كمال كەسێك بوو تاكوسەر ئێسقان كورد پەروەر بوو هەروەها زۆر بەئاشكراو زۆر بەتوندیش دژایەتی هەموو حوكمەتو ڕێكخراوو جاسوسیەكی نێودەوڵەتی ئەكرد كە دژایەتی گەلی كوردو شۆڕشە ڕەواكەی گەلی كوردیان بكردایە، دكتۆركمال ئەیوویست بەنووسینەكانی ڕووی ڕەشی دوژمنانو ئەڵقەلەگوێكانی دوژمنانی گەلی كورد دەربخات ئەیوویست گیانفیدایەك بنووێنێ لەپێناو گەلی كوردا لەپێناو ئەو شەهیدانەی كەخوێنی گەشیان لەپێناو كوردستاندا ڕژاو بەڵام خوێنیان كرابەدۆلارو خرایە سەر خەزخێنەی بازرگانانی ناوەوەو دەرەوەی كوردستان. دكتۆركمال بەبێ بیركردنەوە ئەوكارانەی نەدەكرد لەپێناومادەو سەروەتو ساماندا ئەو نووسینانەی دانەئەبەزاندە سەر ڕووی سایتەكان دكتۆركمال نەیئەویست نووسینەكانی لەدووتوێی كتێبێكدا كۆبكاتەوەو ناوی بنێ) مەلایی نامەو) خەڵاتی دەزگایی گەلاوێژی پێوەربگرێ، ئێمەی خوێنەرو ئاگادار لەكێشەو نووسینەكانی دكتۆركمال سەیدقادر ئاگادارین كە بەڕێزیان چەندجارێك نامەی كراوەی ئاراستەی كاك مەسعود بەرزانی كردو لەنامەكانیدا ڕایگەیاند كەئامادەیە بگەڕێتەوە كوردستانو لەبەردەم دادگاكانی كوردستاندا داكۆكی لەخۆی بكاتو لەهەمان كاتیشدا بەشێوەیەكی زیندوو لەبەردەمی ڕاگەیاندنەكانی كوردستانو جیهاندا پەنجە بخاتە سەرڕاستیەكانو ئاشكرایان بكات تاكو بۆ گەلی كورد ڕوونبێتەوە كەكێیە بازرگانی بەخوێنی شەهیدان ئەكاتو ڕەوڕەوەی مێژووی خەباتو تێكۆشانی گەلی كورد بەئاراستەی دوژمنان ئەبات.

دكتۆركمال بۆ دركاندنی ڕاستیەكانو بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەسەر داوای داواكاران ملی ڕێی گرتو بەرەو وڵات گەڕایەوە دكتۆركمال باش ئەیزانی كە لەكوردستاندا دیموكراسیو مافی مرۆڤ لەژێر پێڵاوی چەندكەسێكدایە وەك ژمارەی بنی پێڵاوەكانیان، باش ئەیزانی دیموكراسیو مافی مرۆڤ یاخود گوێ گرتن لەووشەی هەق وەك یاری كردنە بەوەرەقەی قومارو بردنەوەی سۆزانیەكە بۆ سەرسفرەی حەزو ئارەزووە شەیتانیەكانیان دكتۆركمال باش ئەیزانی گوێ گرتن لەقسەی هەق لەكوردستان وەك گوێ گرتنە لەشیعری وەسفو

سەنای شاعیرەکانی دەرماڵو چاولەمستانی ئەمڕۆی نێوشەقامی کوردی، دکتۆرکمال پێش ئەوەی بڕواتەوە بۆ وڵاتو ڕاستیەکان بدرکێنێ ئەیزانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ جووتێ ئافرەتی لەش فرۆشنو شەوێك لەئیدارەی سلێمانیو شەوێکی تر لەئیدارەی هەولێر بەزمو زەماوەند سازئەکەنو هەرساتەی لەباخەڵی بەرپرسێکدا ئەنوون، دکتۆرکمال زۆر ڕاستی تری ئەزانی ئەیزانی کەمەسینەهەڵگرو قەڵەم شکاوو چاوشۆڕی بەردەم پارە زۆرن لەدوایی گەڕانەوەی بۆ وڵات دەچنەلایو ئەیانەوێ لەڕێگەی قسەی خۆشو لەڕێگەی هاوڕێیەتیو هاوپیشەییەوە کاری لێبکەنو هەندێك قسەی ئاسایی نێوانیان گەورەبکەنو بیخەنە سەرڕووی ماڵپەڕەکانو واینیشانبدەن کەدکتۆرکمال پەشیمان بۆتەوە لەو نووسینانەی کەنووسیویەتی.

هەرچی ڕووی‌دا لەکوردستان لەدوایی گەڕانەوەی دکتۆرکمال بۆ وڵات گرنگ نیە، کوشتنی دکتۆرکمال گرنگ نیە زیندانی کردنی گرنگ نیە ئاشکرا نەبوونی ئەو ڕاستیانەی کەدکتۆرکمال ئەیوویست ئاشکرایان بکات گرنگ نیە چونکە بەو 30 ساڵ زیندانیە کەبڕاوەتەوە بۆ دکتۆرکمال سەید قادر زۆرشت ئاشکرابوو کەگرنگترە لەوزانیاریانەی لای دکتۆرکمال هەیە.

1- ئاشکرابوو کەزانیاریەکان هەموو ڕاستنو کاریگەری سلبی هەبوو بۆ سەر ئەو کەسانەی کەدکتۆرکمال ناوی هێناوون لەنووسینەکانیدا، ئەیانزانی ئەگەر دکتۆرکمال دادگایی بکەن بەشێوەیەکی عادیلانە زۆرشت ئاشکرائەبێتو، دکتۆریش توانایی ئەوەی هەیە کەبە بەڵگەی مەڵموس بیان سەلمێنێ بۆ گەلی کورد کەکێن ئەوانەی بازرگانی بەخوێنی شەهیدانو بەشۆڕشەکانی گەلی کوردەوە ئەکەنو کێن ئەوانەی کەکوردو کوردستانیان خستۆتە خزمەت خۆیانەوە.

2- بەو 30 ساڵ زیندانیەی کەدراوەبەتەنگەی دکتۆرکماڵدا دەرکەوت کەکوردستان نەك دادگاو دادوەری نیە بەڵکو دەرکەوت ئەوکەسانەی کەچونەتە قاڵبی ئەو جۆرە دادوەرانەوە درۆدەکەنو بگرە زۆر لەوە کەمترن کەبتوانن دادگاییەکی عادیلانە بکەن بەپێی یاساکانی نێودەوڵەتی هەروەها زۆرینەی دادوەرو پارێزەرانیش ڕووی ڕاستی خۆیان دەرخست کەئەو سوێندەی خواردیان پێش دەست بەکاربوونیان بەدرۆبوو ئەوان سوێندیان خواردوە کەبەهیچ شێوەیەك بەرگری لە ڕاستی نەکەن تاکو درۆ وەستابێتو سوێندیان خواردوە بەسەرو بەماڵ لەخزمەت بازرگاناںو دوژمنانی میللەتدابن.

3- بەو 30 ساڵ زیندانی کردنە دەرکەوت کەیەکێتی نیشتیمانی کوردستان نەك هەر هێزی سەرەکی‌نیە لەکوردستان بەڵکو دەریان خست کەیەکێتیو خەباتیانو خوێنی شەهیدانیان پاشکۆی پارتی دیموکراتی کوردستانەو ئەو پڕوپاگەندەیەی کەبۆ دیموکراسیو مافی مرۆڤی دەکەن تەنها ڕیکلامە لەسەر ڕووی میدیاکانیانو بڵاوکراوەکانیان هەروەها بێدەنگی سەرکردایەتی یەکێتی لەئاست ئەو ڕووداوە زەنگێکە بۆ چەند نووسەرێکی دەرماڵ کەئەگەر ئێوەش بکەونەبەردەستی ئێمە لەدکتۆرکمال خراپترتان بەسەر ئەهێنین لەسەر ئەو کتێبانەی لەدژی یەکێتیو سەرکردایەتیەکەی نووسراوە بەناوی جەلالی نامەو شتی تریش.

4- 30ساڵ زیندانی بۆ دکتۆرکمال بەبێ دادگایی کردن زەنگێکە بەگوێی هەموو کوردێك بەلایەنگرانو بێلایەنگر تاکو هەموو لایەکیان تێبگەن کە دەنگیان بۆ بدەن یان دەنگیان بۆ

نەدەن ئەوان براوەن لەبەرئەوەی داکۆکی لەدوژمنانی گەلی کورد ئەکەن، براوەن لەبەرئەوەی پارێزەری بەرژەوەندیەکانی دوژمنانی گەلی کوردن، هەروەها بەو زیندانیکردنە بێدادگاییە ڕوون بووەوە کە دیموکراسیو مافی مرۆڤو نووسەری ئازادو قەڵەمی بوێر بەمەرجێ ئەتوانێ بەئازادی بنووسێ کەنووسینەکانی لەخزمەت لێپرسراواندا بێت، هەر نووسەرێك وەك نووسەرانی دەرماڵ بەشانو شەپیلکی لێپرسراواندا هەڵنەداتو منداڵانی لێپرسراوان نەکاتە کۆڵ ئەوە وەك دکتۆرکمال ئەبێت ژیانی لەزیندانەکانی تایبەت بەسەر بەرێ.

5- پارتی دیموکراتی کوردستان لەو 30 ساڵ زیندانیەی کەبۆ دکتۆرکمالیان بڕییوە دوو مەبەستی هەبوو، وەك بەبەردێك دوو چۆلەکە بکوژێت 1 دکتۆرکمالیان بۆ ماوەی 30 ساڵ زیندانی کرد داخی دڵیان پێڕشتو لەماوەی ئەو چەند ساڵەی کەلەزیندانا ئەییاتەسەر نووسینەکانی خرایە ژێر چاودێریەوەو جارێکی تر ناهێڵن بەئازادی ڕەخنە لەو کەسانەبگرێ کەمەبەستێتی یان ڕاستیە شاراوەکان ئاشکرابکات. 2 زەنگێك بوو دایان بەگوێی سەرۆکی بەناو پەرلەمانی کوردستانو ئەندامانی هەمیشە نووستوی پەرلەمان بەو زەنگە ئاگاداریان کردنەوە کەئەبێت هەموو شت لەپێناو دەستەیەکدا بێت ئەبێت سیاسەتو دەستوورو یاسا وەك لاستیك وابێت بەرپرسان چۆنیان وویست ڕایبکێشن لەپێناو بەرژەوەندیەکانیان بەکاری بهێنن، هەروەها ئاگادار کردنەوەیەکی سەرۆکی بەناو پەرلەمان بوو کە ئەگەر ئەتەوێ لەهەولێر بژیت ئەبێت کوێر بیت ئەگەر کوێریش نیت ئەوە دەبێت دەست خەیتەسەر چاوتو گوێکانت قوڕقوشمی تێبکەیت بۆ ئەوەی ڕاستیەکان نەبینیو هاواری بێنەوایان نەبیستی.

-6

لەخۆڕاناڵێم دکتۆرکمال دادگایی نەکراوە! لەو ڕوانگەیەوە دەڵێم ئەگەر لەوڵاتێکدا یاسا نەبوو مانای دیموکراتیو مافی مرۆڤ نیە! کەدیموکراتیو مافی مرۆڤیش نەبێ مانای یاسایی جەنگەڵ پیادەدەکرێ! بەهێزەکان بێهێزەکان دەخۆن.

لەکۆتایدا من بەشبەحاڵی خۆمو تێڕوانینم بۆ ئەم شانۆییە ئەڵێم دکتۆرکمال بوو بەبڵندگۆیەك بۆ ئاشکراکردنی ڕاستیەکان ئەو ڕاستیانەی کەزیاد لە50 ساڵە خەڵکی کوردستانی پێچەواشە ئەکرێتو بەناوی دیموکراتیەوە مافی مرۆڤ هەموو شەوێك وەك کیژۆڵەیەکی بەناز ئەڕازێنرێتەوەولە سەر سفرەو ناو جێگەی لێپرسراوانی پێگەرم ئەکرێتەوە، لەهەمان کاتدا سەرکردەکانی کورد ئاشکرایان کرد بۆ دۆستو دوژمن کە ئەمان شێریماڵەوەن بەڵام ڕێوی دەرەوە.